گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 6, No. 3, pp. 710–720, Sept..-2018
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# هۆکارەکانی بڵاونەبوونەوەی بیروباوەڕی شیعە لە کۆمەڵگەی کوردی لە سەدەکانی ناوەراستدا

**کامران عزيز عبدالله**

بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستانی عێراق (kamaran.aziz@koyauniversity.org)

**وەرگرتن:** 2018/05 **پەسەندکرن:** 2018/07 **بەلاڤکرن:** 2018/09 https://doi.org/10.26436/2018.6.3.537

ڕێبازی شیعە وەك یەکێك لە ڕێبازە ناسراوەکانی جیهانی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاست کە کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر ئاستی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێو نەتەوە و کۆمەڵگە جیاوازەکانی سنوری دەوڵەتی خیلافەت، بەڵام لە نێو کوردا ئەم بیروباوەڕ بڵاونەبووە لەبەر چەندین هۆکار لێرەدا هەوڵمانداوە بەدوای ئەو هۆکارانە دابگەڕێین، کە بەربەست بووینە لەبەردەم بڵاونەبوونەوەی شیعە لە کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەکی فراوان، واتا لەسەر ئاستی گشتی ئەگەرچی لەسەرئاستی تاك هەیە کە هەڵگری ئەوبیروباوەڕەبێت، بەڵام ئەمە نەبۆتە پرسی گشتی و لە کەمینەیەکی سنووردار تێناپەڕێ بەرامبەر بەزۆرینەی نەتەوەی کە هەڵگری بیروباوەری سوننی بوون بەئێستاشەوە. ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم دەروازەیە بۆ ئاشنابوون بەچەمکی شیعە لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەی لەگەڵ گرینگترین گروپەکانی لە سەدەکانی ناوەڕاست تەوەری دووەم باس لە هۆکارەکانی بڵاونەبوونەوەی شیعە دەکات لە کوردستان لە سەدەکانی ناوەڕاست کە چەند هۆکارێك لە خۆدەگرێ وەك نامۆ بوونی کورد لە تێڕوانینی زانایانی ئاینی شیعە کە ئەمەش یەکێکە لە فاکتەرە بە هێزە و سەرەکیەکانی بڵاونەبوونەوەی ئەم ڕێبازە ئاینیە لە نێو کورددا، هەروەها باڵادەستی دەسەڵاتی سوننی لە کوردستان یەکێك بووە لە هۆکارەکانی تر و ڕۆلیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی سوننی لەناوچەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی دەسەڵاتی کوردی لە برەودان بەڕەوتی سوننی کاریگەری هەبوو، سەرەڕای ئەوانە بوونی خەواریج لە ناوچەکوردییەکان یەکێکی ترە لە هۆکارەکان.

**پەیڤێن سەرەکی:** بڵاونەبوونەوە، بیروباوەڕی شیعە، کۆمەڵگەی کوردی، سەدەکانی ناوەراست.

## 1. پێشەکی

بیروباوەڕی شیعە یەکێکە لە مەزهەبە باوەکانی جیهانی ئیسلامی کە کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر ئاستی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێو نەتەوە و کۆمەڵگە جیاوازەکانی سنوری دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و تاڕادەیەکی باش ڕۆڵیان هەبوو لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا، بۆیە لەبەرگرینگی و پربایەخی ئەم گروپە هەوڵمانداوە بەدوای ئەو هۆکارانە دابگەڕێین، کە بەربەست بووینە لەبەردەم بڵاونەبوونەوەی بیروباوەڕی شیعە لە کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەکی فراوان، واتا لەسەر ئاستی گشتی ئەگەرچی لەسەرئاستی تاك هەیە کە هەڵگری ئەوبیروباوەڕەبێت، بەڵام ئەمە نەبۆتە پرسی گشتی و لە کەمینەیەکی سنووردار تێناپەڕێ بەرامبەر بەزۆرینەی نەتەوەی کە هەڵگری بیروباوەری سوننی بوون بەئێستاشەوە، هەر ئەمەش هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیە بۆ ئەوەی بە دوای ئەو هۆکارانە دابگەڕێین، کە بوونەتە ڕێگر لە بەردەم تەشەنە نەکردنی تەوژمی شیعە لە نێو کورددا.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم دەروازەیە بۆ ئاشنابوون بەچەمکی شیعە لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەی لەگەڵ گرینگترین گروپەکانی لە سەدەکانی ناوەڕاست تەوەری دووەم باس لە هۆکارەکانی بڵاونەبوونەوەی شیعە دەکات لە کوردستان لە سەدەکانی ناوەڕاست کە چەند هۆکارێك لە خۆدەگرێ وەك نامۆ بوونی کورد لە تێڕوانینی زانایانی ئاینی شیعە کە ئەمەش یەکێکە لە فاکتەرە بە هێزە و سەرەکیەکانی بڵاونەبوونەوەی ئەم ڕێبازە ئاینیە لە نێو کورددا، هەروەها باڵادەستی دەسەڵاتی سوننی لە کوردستان یەکێك بووە لە هۆکارەکانی تر و ڕۆلیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی سوننی لەناوچەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی دەسەڵاتی کوردی لە برەودان بەڕەوتی سوننی کاریگەری هەبوو، سەرەڕای ئەوانە بوونی خەواریج لە ناوچەکوردییەکان یەکێکی ترە لە هۆکارەکان.

هاوکات یەکێك لە گرفتەکانی ئەم توێژینەوە ئەوەبوو، کەوا دەقی ڕونمان نەبوو بیسەلمێنی کورد بۆچی نەچۆتە سەربیروباوەڕی شیعە، بۆیە پەنامان بۆ خوێندنەوەکی گشتی بردووە لە نێو تێڕوانینی فقهی شیعی و پەرتوکاکانی زاناکانیان بۆ ئەوەی لەوێوە بۆچوونی ئەم گروپە بەرامبەر بە کورد بزانین، هەروەها لەگەڵ خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ پرۆسەی سیاسی وڵاتی کوردان لە نێویشیاندا ئەو میرنشینە کوردیانەی کە لە کوردستان فەرمانڕەوایان کردوە.

لەكاتی ئامادەكردنی ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە كۆمەڵێك سەرچاوە وەرگرتوە، بەتایبەتی پەرتوكی فقهی شیعی لە وانە (فروع الكافى)یە كە یەكێكە لە پەرتوكەكانی (الكلينى م:328ك/939 ز) كۆنترین دەقی دەربارەی كورد تێدایە دەتوانین بڵێن فقیهەكانی تری شیعە كە دوای ئەو هاتوون لە ئەویان وەرگرتوە بە كەمێك دەستكاریكردنەوە، هەروەها سوودمان لە نوسینەكانی(المسعودى م:346ك/957 ز) وەرگرتوە لە كتێبی (مروج الذهب و معادن الجواهر)دا كە هەوڵیداوە ئەو تێروانیەی لە فقهی شیعە سەبارەت بە كورد هاتووە ئەو ڕەگ و ڕیشەی مێژووی بۆ داتاشیوە و وێنایەكی پێبەخشیوە، لەگەڵ ئەوانەشدا پشتمان بە چەندین سەرچاوە و ژێدەری تر بەستوە كە هەریەكەیان لە شوێنی خۆیان بەكارمان هێناوە .

## 2. دەروازە

### 1.2. ناساندنی چەمكی شیعە:

#### 1- لە ڕووی زمانەوانییەوە

لەڕستیدا چەمكی شیعە بە مانا زمانەوانییەكەی بە شێوەیەكی گشتگیر بەكارهاتووە، لەسەرەتادا ئەم چەمكە تایبەت نەبووە بە گروپێكی دیاریكراو، واتا بۆ ناسینەوەو پێناسەكردن و ناساندنی كۆمەڵێك بەكارنەهاتووە، هەتا ببێتە ناسنامەی توێژێك كە لە ڕووی بیركردنەوەو ئایدیۆلوجیاوە جیاوازبن لەوانی تر، بەڵكو دەستەواژەی شیعە لە ڕووی زمانەوانییەوە بەشێوەیەكی بەرفراوان بە كارهاتووە بەبێ دیاریكردنی چوارچێوەیەكی دیاریكراو، وەك ئەوەی لە فەرهەنگی زمانەوانی و پەرتوكە مێژووییەكان و تەنانەت لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژەی پێكراوە، دواتر بە هۆی گۆڕانكاریە هزری و سیاسی ئەم چەمكە لە سەرچاوە مێژووی و فەرهەنگیەكان گۆڕانكاری بەسەرداهاتووە، بەڵام لە قورئانی پیرۆز بە هەمان مانا و دەربرینی خۆی مایەوە لەبەرئەوەی هاتنی ئایەتەكان زەمەنێكی دیاریكراوی هەبوو دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە دەركەوتنی تەوژمی شیعەگەری كە لێرەدا تەنها چەند نموونەیەك ئاماژە پێدەكەین وەك ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێ((فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ هَٰذَا مِن شِيعَتِهِ وَهَٰذَا مِنْ عَدُوِّهِ فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِن شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَدُوِّهِ)) (سوره القصص، أيە:15) لەم دەقە قورئانییەدا چەمكی شیعە بەمانای "شوێنكەوتە، یاخود دەستەو تاقم و پشتیوانی كردن دێت". (الزمخشرى،1997: 402/3)( ابن كپير،1990: 397/3) .

ڕاڤەكارانی قورئانی پیرۆز لە شیكردنەوەی دەقەكان هاوڕان لەسەر هاومانایی چەمكی شیعە كە لە ڕووی زمانەوانیەوە هیچ پەیوەندیەكی بە گروپێكی دیاریكراو، یاخود ئاینزایەكەوە نیە، تەنانەت زمانناسانیش لە ناساندن و ڕاڤەكردنی ئەم چەمكە هەمان بۆچونیان هەیە وەك (ابن منظور) لەم بارەیەوە دەڵێت " شیعە بە مانای كۆمەڵە خەڵكێك دێت كە كۆك و تەبان لەسەر فەرمانێك، هەندێكیان شوێن بۆچونی هەندێكیان كەوتونە"(ابن منظور، د.ت : 258/7)، یاخود بە مانای شوێنكەوتە و لایەنگریكردن و پشتیوانیكردن دێت (الفيروزأبادى،2003: 678)

ئەوەی جێگەی سەرنجە و تێبینی دەكەین چەمكی شیعە لە سەرچاوە مێژووییەكان لە باسی ڕووداوەكانی سەرەتایی ئیسلام بەشێوەیەكی زمانەوانی بەكارهاتووە، واتا تایبەت نەكراوە بەلایەنێكی دیاریكراو، بە تەنها بۆ خەلیفەی چوارەمی ڕاشدی ( علی كوڕی أبی گالب م:40ك/660 ز) و شوێنكەوتوانی بەكارنەهاتووە، بەڵكو بۆ خەلیفەی ئومەوی (معاويە كوڕی أبو سفيان م:60ك/679 ز)یش بەكارهاتووە (الدينورى،2001: 288)، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئەم چەمكە سنووردار نەكراوە تەنها بۆ دەستەو تا قمێكی دیاریكراو، هەروەها بە هەمان شێوە دەستەواژەی شیعە بۆ لایەنگران و داواكارانی خوێنی خەلیفەی سێیەمی ڕاشدی (عپمانی كوڕی عفان م:35ك/655 ز)نیش بەكارهاتووە ،(البلخى، 2010: 427) بۆیە دەتوانین بڵێن لە سەرەتاكانی ئیسلامیشدا لە دەقە مێژووییەكان ئەم چەمكە بە واتای زمانەوانیەكەی وێناكراوە، بەڵام بەتێپەڕ بوونی كات و كەڵەكەبوونی ڕووداوەكان گۆڕانكاریی بە سەرداد‌ێت .

#### 2- لە ڕووی زاراوەییەوە

دوا بەدوای ناساندنی شیعە لە ڕووی زمانەوانییەوە دەركەوت، كە ئەم چەمكە بە مانایەكی گشتگیر لە فەرهەنگی زمانی عەرەبی بە واتایی شوێنكەوتە و پشتیوانیكرد و لە سەر ڕێگەڕۆیشتن و دەستەوتاقم دێت، بەڵام كاتێك زەمەنێك بەسەر مێژووی موسڵماناندا تێدەپەڕی و كۆمەڵێ ڕووداو، كە نەدەبوو ڕوویدات ڕوویاندا، ئەم چەمكەش شوناسێكی تر وەردەگرێت و لە مانا بەرفراوانەكەی خۆی دەردەچێت و سنووردار دەكرێت بۆ ناسنانەی دەستەوتاقم و گروپێك بەكاردێت، كە شێوازێك بیروباوەڕو بیركردنەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە جیاواز لە خەڵكانی تر باوەڕیان تەنها بە ئیمامی (علی كوڕی أبی گالب) و نەوەكانی هەیە، واتا لە ڕووی زاراوەییەوە، وەك ئەوەی زمانناسان و شارەزایان و مێژوونوسانی بواری گروپە ئاینیەكان لەسەری دواون و چەمكی شیعەیان تایبەتكردەوە بە شوێنكەوتە و پشتیوانیكردنی بنەماڵەیەكی دیاریكراو .

لە فەرهەنگی زمانەوانیدا وەك ئەوەی (فيروزأبادى) ئاماژەی پێدەكات دوابەدوای ناساندنی شیعە دەڵێت " ئەم چەمكە چەسپا لەسەر هەموو ئەوانەی كە شوێن (علی) و نەوەكانی كەوتن، بەجۆرێك هەتا بووە ناوێكی تایبەت بەوان" (فيروزأبادى،2003 : 678)

كەواتە لە ڕووی زاراوەییەوە ئەم چەمكە تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت و یەكلایی دەبێتەوە بۆ گروپێكی دیاریكراو كە جیایە لەوانی تر، واتا دەبێتە شوناسی ئاینزایەك كە شێوازی بیركردنەوەیان جیاوازە، ئەگەرچی ناساندنی شیعە لە ڕووی زاراوەییەوە لەلایەن

بیرمەندانی فەرهەنگی و ئایناسان جیاوازی بەدیدەکرێت، بەڵام لە ناوەروکدا یەك مانا بە دەستەوەدەدات، کە لە چواچێوەی ئیمامەتی (علی) و بنەماڵەکەی خۆیی دەنوێنێ.

پێناسەو شیکردنەوە هەیە کە پێیوایە بەو کەسانە دەگوترێ شیعە کە شوێنکەوتەی ئیمامی (علی) بوون و پێشیان دەخست لەسەر هەموو هاوەڵانی پێغەمبەر (الأشعری، 2008: 1/ 25) ئەگەر چی ئەم پێناسەیە لە ناوەرۆکدا تاڕادەیەکی زۆر لێکچوونی هاوبەش هەیە لەگەڵ کۆی ناساندنەکانی تر، بەڵام بابەتەکە لە بیروباوەڕی شیعەدا تەنها پێشخستن نیە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی هەموو خەلیفەکانی ترە لە فەرهەنگی ئاینیدا و دانپێدانەنان و تەنانەت دژایەتیکرنیشیان بە بەشێکە لە مێژووی بیروباوەڕو کەلتوری کەڵەکەبووی ئەو ڕەوتە دادەندرێت، کە خۆی لە شیعە دەبینێتەوە ، بۆیە ئێستا لە ڕووی زاراوەییەوە شیعە بەو گرووپە دیاریکراوە دەگوترێ کە خاوەنی ئایین و بیروباوەڕ و تێڕوانینی تایبەتی خۆیانن .

### 2.2. دیارترین و باوترین گروپەکانی شیعە:

جولانەوەی شیعە لە مێژوودا ڕووبەڕووی چەندین دابەشکاری و لێکترازان گروپی جیاواز بوونەتەوە بەر ئەنجامی بەرژەوەندیی و تێڕوانینی جیاواز بۆ پرۆسەی ئاینی و سیاسییەکان، بەڵام باوترین و زاڵ ترینیان خۆی لە سێ گروپ دەبینێتەوە کە تا ئەمڕۆش بەردەوامن و کاریگەریان لە سەر ئاستی جیهانی ئیسلامی هەیە بەرێژەی جیا کە هەریەکەییان بۆ کەسایەتیەك دەگەڕێتەوە بۆ نموونە (شیعەی زەیدی) بەوانە دەگوترێ کە شوێن( زید کوڕی علی(زین العابدین) کوڕی حسین) کەوتن کاتێك بێبەری بوونی خۆی لەوانە ڕاگەیاند کە باوەڕیان بە خیلافەی ئیمامی (ابوبکر و عمر " رچي الله عنهما") نەبوو لە کاتی بەرپاکرنی شۆڕش لە ساڵی( 122ك/ 740ز) لەلایەن (دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئومەوی) کوژرا (ابن خیاگ،1985: 353)(الأشعری، 2008: 1/ 68–69) شوێنکەوتوانی بیروبۆچوونی ئەم کەسایەتیانە لە مێژوودا بە شیعەی زەیدی ناسراون.

دووگروپەکەی تری شیعە دەگەڕێتەوە بۆ دوابەدوای ئەو لێکترازانەی لە دوای مردنی ئیمام (جعفر الصادق م:148ك/765ز) لەسەر نەوەکانی هاتە ئاراوە لە کاتێدا ئەوانەی شوێن(موسی کوڕی جعفرالصادق م:183ك/ 799ز) کەوتن و باوەڕیان بەئیمامەتی ئەو هەبوو بە (شیعەی ئیمامی) ناسراون(النوبختی،2007: 90) هەروەها ئەوانەی باوەڕیان بە (اسماعیل کوڕی جعفر الصادق) هێنا و باوەڕیان بە پێشەوایەتی ئەو هەبوو بە (شیعەی ئیسماعیلی) ناسراون( الشهرستانی،2007: 170/1)

کەواتە دەرکەوتەو سەرهەڵدانی گروپەکانی شیعە بۆ هەر یەك لەو کەسایەتیانە دەگەڕێتەوە، کە لە ڕووی چالاکی سیاسی بیروباوەڕی ئاینیەوە تاڕادەیەکی زۆر لە یەکتر جیاواز بوون و بەڕادەیەکی باش کاریگەریان لە سەر کۆمەڵگەی ئیسلامی هەبوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

## تەوەری دووەم : هۆکارەکانی بڵانەبوونەوەی بیروباوەڕی شیعە لە کۆمەڵگەی کوردی

### 1– نامۆبوونی کورد لە دیدگای زانایانی فقهی شیعە

بیروباوەری شیعە وەك یەکێك لە مەزهەبە دیارەکانی جیهانی ئیسلامی لەسەدەکانی دەسەڵاتداریەتی ئیسلامیدا تا ئەمڕۆ کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لەسەر ئاراستەکردنی جولەی سیاسی هەبوو لە ناوچە جیاجیاکانی بەهۆی ئەو قورسایی و پێگەیەی هەیتی لەناو گەلانی موسلمان، کە بەردەوام کاریان لەسەر بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی تەوژمی هزری کردووە، بەڵام لەناو نەتەوەی کورد مەزهەبی شیعە پێگەیەکی گەورەی نەبووە بەهۆی بەرجەستە نەبوونی بیروباوەڕەکانیان، لە نێوەندە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و نامۆبوونی کورد لە ڕوانگەی زانایانی شیعەوە کە ئەمەش یەکێك لە فاکتەرە بەهێز و سەرەکیەکانی بڵاونەبوونەوەی ئەم ڕێبازە ئاینیە لە کوردستان بە شێوەیەك، کە خۆیان بەربەست بووینە لەبەردەم تێکەڵ نەبوون و دوورکەوتنەوە لە کورد و هانی خەلکیان داوە کە خۆیان بە دوور بگرن لە مامەڵەکردنی لە گەڵیان چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، یاخود ئابووری، ئەمەش بەڵگە و پاساوی بێ بنەماو دوور لە بنەمای زانستی و واقع بینی و عەقلانیەت .

بۆ نموونە لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە (کولینی) لە پەرتوکەکەیدا باسیکردووە بەناوی (جعفر الصادق) گوتویەتی " کەس لە کوردەکان مارەمەکەن، ئەوان ڕەگەزێکن لە جنۆکە خودا پەردەی لەسەر لاداون" (الکلینی، 2005: 778/5) ئەگەر چی ڕاستی و دروستی ئەم دەقە زۆر ڕوون نیە ئیمام (جعفر الصادق) ئەمەی گوتووە یان نا، لەبەرئەوەی ڕێزبەندی ئەو کەسانە کە وتەکەیان گێراوەتەوە لە سەرچاوەکان جیاوازە، ناوی کەسایەتیەك هاتووە وەك گێڕەوەر بەناوی (ابو الربیع الشامی)، کە دەربارەی کوردەکان لە (جعفر الصادق)پرسیارکراوە بێ ئەوەی ناوی پرسیارکەر هاتبێت لە کاتێك دا ماوەی نێوان (جعفر الصادق) لەگەڵ (کولینی) زیاتر لە (180 ساڵە) بۆیە گومان لەسەر چۆنیەتی گواستنەوەی ئەم دەقە دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕوانگەی شیعەکان بەرامبەر بە کورد لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینە هەڵهێنجراوە، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەم دەقە تەنها (کولینی) باسی نەکردووە، بەڵکو چەندین فەقیهە و زانای شیعە دوای ئەو هاتوون ئەم دەقەیان دووبارەکردۆتەوە بەهەمان شێواز یاخود بە دەستکاریەکی کەمەوە (1).

بێگومان کاتێك ڕوانگە و دنیابینی زانا و فقیهەکانی شیعە بەم شێوە بێت بەرامبەر بە کورد کە لە جنسی مرۆڤ بوونیان بردۆتە دەرەوە بە شێوازێکی زۆر نامۆ سەیریان کردووە ئەمە کاریگەری زۆری هەبووە

لەسەر شوێنکەوتە و بانگخوازەکانی شیعە، کە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەیان نەدەن لەنێو کورد لەبەرئەوەی لە بنچینەوە بە مرۆڤیان نەزانیون و لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە پەرگیریان کردون، لە مەشدا پشت ئەستوربوونە بە گێرانەوەیەك لە (جعفرالصادق)، کە کورد لە فەرهەنگی شیعەدا وەك مرۆڤ جێی نابێتەوە، کاتێك نەتەویەك نەشیاوبێت ژن و ژنخوازیان لەگەڵ بکەی ژنیان لێ مارە بکەی ئەوە نەشیاوتر دەبێ کە بیان هێنیە سەر بیروباوەڕ و مەزهەبی خۆت و بانگەوازیان لە نێواندا بکەی، لەبەرئەوەی کەم وکورتی ونەنگی دەبی کە هاومەزهەبەکەت لە چوارچێوەی مرۆڤ بووندا ئامادەی نەبی .

لەلایەکی ترەوە ئەم وتەیە لەلایەن (المسعودی) وەك مێژوونوسێکی شیعی کە هاوسەردەمی (کولینی) بووە کە ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژووی بۆ ئەم دەقە هەڵچنیوە و کوردی گەڕاندۆتەوە بۆ نەوەی شەیتان و سەردەمی پێغەمبەر ( سولیمان کوڕی داود ) وەك دەرکەوتەیەك لە مێژوودا.(المسعودی، د.ت: 19/2)

دەکرێت بڵێین ئەم تۆمارە مێژوویە لای (المسعودی) لە ڕەهەندە هزریەوە سەرچاوەی گرتووە کە پەیوەستە بەو دەقەی کە لە پەرتوکی فقهی شیعەوە ئامادەیی هەیە، ناوبراو هەوڵیداوە ئەم تێروانینە بەرامبەر بە کورد سیمایەکی مێژووییانەی پێببەخشی و دواجار لە ڕاستی نزیك بکاتەوە، ئەگەر چی ئەمە بە هەموو پێوەرە هزری و زانستییەکان لە ئەفسانەیەك زیاتر نیە و بەدەرە لە یاساکانی بونیادی مرۆڤایەتی، واتا سروشتی زیاد بوونی مرۆڤ لە ڕێگەی خودی مرۆڤەوە دێتە ئاراوە نەك بوونەوەرێکی تر.

ئەوەی جێگەی سەرنجە پرسی نامۆبوونی کورد تەنها لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان قەتیس نەبووە، بەڵکو لە فەرهەنگی فقهی شیعەدا لە رووی ئابوریشەوە مامەڵکردن و کرین و فرۆشتن و تێکەڵاوی کردنیان کارێکی دروست نیە و تێکەڵبوونیان کارێکی نا دروستە وەك لە گێرانەوەکدا هاتووە لە پەرتوکە ئاینیەکانیان ئاماژەی پێکراوە کە کەسێك پرسیار لە (جعفرالصادق) دەکات سەبارەت بە کوردەکان کە لە گەڵیان دەژین و تێکەڵیان دەبن و کرین و فرۆشتنیان لەگەڵ دەکەن، لە وڵامدا گۆتویەتی تێکەڵیان مەبن، کوردەکان زیندەوەرێکن لە جنۆکە ، خودا پەردەی لەسەر لاداون.(الشیخ الگوسی، 2005: 1222/7)

پرسیارە جەوهەریەکە ئەوەیە ئایا ئەم وتانەی شیعە دەربارەی بەشێکی دیاریکراوە لە کوردەکان، یاخود هەموو کورد دەگرێتەوە، بۆ وەڵام دانەوەی ئەمە پەنا دەبەینە بەر چەند دەقێك کە بەروونی باسکراوە کە دەڵێن پێوستە تێکەڵی هیچ یەکێك لە کوردەکان نەبن و دوورکەونەوە لە کرین و فرۆشتن و زەواج کردن لە گەڵیان.(الشیخ الگوسی، د.ت:373)(ابن فهد الحلی،1990: 182/3)

کەواتە تۆمەتبارکردن و نامۆبوونی کورد لە دیدی شیعە تەنها پەیوەست نیە بە توێژێك و بەشێکی دیاریکراو بەڵکو گشتگیرکراوە بەسەر هەموو کورد لەسەر ئاستی نەتەوەی تێکەڵ نەبوونی هیچ یەکێکیان ماناکەی روونە بوار بۆ تەفسیری جۆراوجۆر ناهێڵێتەوە، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە زانا و فقیهەکانی شیعە بیروباوەڕ و فتواکانیان گەورەترین ڕێگر بووینە لە بەردەم بڵاونەبوونەوەی مەزهەبەکەیان لە ناو کورد لە سەدەکانی ناوەراستدا .

(الشیخ الگوسی م:460ك/1067ن) لە یەکێك لە پەرتوکەکانی باس لەوە دەکات کە کەسێك بە (جعفر الصادق) دەڵێت " کوردەکان دێنەلامان بە ڕانەمەڕەوە ئەوانە بەندەی ئاگر و هاوشێوەی ئاگرپەستن کە ئاژەڵەکانیان بەردەبێتەوە سەری دەبرن و دەیان فرۆشن ناوبراویش گۆتی حەزناکەم ماڵ و سەروەتەکەت بەمەدەی، سەربڕاو دەبی ناوی خوای لەسەربێ پارێزراو نیە لەناوهێنانی تەنها موسلمان نەبی".(الشیخ الگوسی،2005: 1652/9)

کاتێك سەرنج بدەینە ئەو دەقە چەند ڕاستیەکمان بۆ دەردەکەوێ یەکەمیان هاندانی هاوبیرە شیعەکانە لەسەر دوورکەوتنەوە و تێکەڵ نەبوون لەگەڵ کورد دووەمیان تۆمەتبارکردنی کوردە بە ئاگر پەرستی لە کاتێکدا (الشیخ الگوسی) وەك یەکێك لە زاناکانی شیعە لە سەدەی پێنجەمی کۆچی یانزەی زاینی ژیاوە ئەوکات زۆربەی زۆری کورد هاتبوونە سەر بیروباوەڕی ئیسلام ئەگەر باس لە کەمینەیەکی کورد بێت بەدڵنیایەوە لەناو فارسیش هەندێکیان پەیوەست نەبوون بە ئاینی ئیسلام نەهاتبوونە سەر ئەم ئاینە، بەڵام تەنها لەسەر کورد ئەمە گۆتراوە، بۆیە هەموو ئەو بەڵگانەی کە باسمان کرد سەبارەت بە ڕوانینی زانایانی شیعە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر ئەوەی کە شوێنکەوتوانی ئەو مەزهەبە بە چاوێکی نامۆ سەیری ئەم نەتەوە بکەن و بیخەنە دەرەوەی خانەی مرۆڤایەتیەوە ئەمەش هۆکار بووە بۆ قبوڵنەکردنی ئەو ڕێبازە ئاینیە لە لایەن کورد و لەلایەکی ترەوە خۆشیان هەوڵیان نەداوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەرەکەیان لەناو کۆمەڵگایەك کە لە بنچینەدا شوناسێکی ناشیرنیان پێ بەخشیوە.

لێرەدا بڕوامان وایە چەند هۆکارێك کاریگەری هەبووە لەسەر زانایانی شیعە بۆ تۆماری ئەو دەقانە لە پەرتوکەکانیان ئامادەی هەیە و بەم شێوەیە بروانننە کورد.

أ– کورد هاتنی بۆ ناو ئیسلام تێکەڵ بوونی لەگەڵ ئەم ئاینە بە دیدێکی سوننی ئاوێتە بوو، ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر بەنامۆ کردنی هەبووە.

ب– لە ڕاستیدا ئەگەر سەیری زانا و فقیهەکانی شیعە بکەین ئەوانەی کە پەرتوکەکانیان وەك سەرچاوەی سەرەکی بەکاردێن و دامەزرێنەری بنەرەتی فقهی شیعەن کەسانی بەرەگەز فارسن و شوێنی لەدایك بوون و پێگەیشتنیان ناوچەی فارس نشینن، بۆیە ئەو ڕوانگەی ئەوان بەرامبەر بە کورد پەیوەندی بەو ڕەهەند و پاشخانە مێژوویەوە هەیە کە لەگەڵ کورد هەیان بووە .

2– باڵا دەستی دەسەڵاتی سوننی لە کوردستان

لە ڕاستیدا هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی زۆرگرینگە بۆ بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیای ئاینی و مەزهەبی، بۆیە دەبینین لە ناوچەکوردییەکانیش ئەم ڕاستیە زۆر بەڕوونی بەدیدەکرێ لە سەدەکانی ناوەڕاست تەنانەت هەرلە دەستپێکی هاتنی سوپای موسلمانان بۆ کوردستان لە سەردەمی خەلیفەی دووەمی ڕاشدی (عمری کوری خگاب) لە ساڵی (16ك/637 ز)دا بۆ ناوچەی (جەلەولا) و دواتر بۆ شارەکانی تر کە یەك بە یەك ڕزگارکرا لە ژێر دەستی ساسانییەکان و بیزنگییەکان( )، ئاینی ئیسلامییان لە چوارچێوەی سوننیگەرای بڵاوکردەوە ئەم پرۆسەیە بە درێژای خیلافەتی ڕاشیدین بەردەوام بوو، ئەگەر چی بە بڕوای ئێمە مەزهەبی شێعە وەك بیروباوڕێکی ئاینی و فقهی و سیاسی جیاواز ئامادەیی نەبووە لە گۆرەپانەکە واتا سەریهەڵنەدابوو و هەر ئەمەش وایکردووە کە ئەو بۆشاییە سیاسی و ئاینیەی کە لەناو گەل و نەتەوە نا موسلمانەکان هەبوو بەو ئیسلامە پربکرێتەوە کە دواتر بەسوننی ناسراوە.

تەنانەت دوای هاتنی دەوڵەتی ئومەوی لەسالی (41ك/661ز)(ابن خیاگ،1985:203) (المسعودی،1993: 277)پرۆسەی سوننیگەرای پشتیوانی لێکراوە کە لە مێژووی ئیسلامی ئەم دەسەڵاتە بە سوننی ناسراوە بەرامبەر بە چەوساندوە و ستەملێکردنی نەوەکانی (علی کوڕی ابو گالب) کە ڕەگ و ڕیشەی شیعە لەم بنەماڵەیەوە سەرچاوەی گرتووە، هەرچەندە تا ئەو کاتەش سوننە و شیعە شوناسی مەزهەبیان بەتەواوی وەرنەگرتبوو. ئومەوییەکان کە تەواوی ناوچە کوردستانیەکانیان لە ژێر دەست بوو، سیاسەتی کارکردنیان کاریگەری لەسەر دەرکەوتنی تەوژمی شیعە هەبوو لە جیهانی ئیسلامی، هاوکات ئومەوییەکان نمایشی ئایدیای خۆیان لەسەر سوننە هەڵچینی بوو ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو ئەو ناوچانە هەبوو کە حوکمڕانیان تێدا دەکرد و کارتێکراوبوون بە ئاراستەی فکری سوننی .

بەهەمان شێوە دەوڵەتی عەبباسی دوای ئەوەی لە ساڵی (132ك/750ز) کۆتاییان بە فەرمانرەوای ئومەوی هێنا و دەسەڵاتیان گرتە دەست،(ابن قتیبە الدینوری،2011: 209)(أبوحنیفە الدینوری،2001:536) تەواوکاری سیاسەتی کاربەدەستانی پێش خۆیان بوون لە ڕووی ئایدیای ئاینییەوە و پەیرەوی مەزهەبی سوننەیان دەکرد، لە ناو کوردیشدا چەندین کەسایەتی هەڵکەوتن لە ڕووی زانستی فەرمودەناس زمانەوانی و فقهیەوە ڕۆڵێکی گرینکیان گێراوە لە بڵاوکردنەوەی فقهی ڕێبازی سوننی ( ) سەرەرای ئەوەی خیلافەی عەبباسی بە چەند قۆناغی جیا تێپەری و رووبەڕووی لاوازی و کەم توانای بۆوە لە فەرمانڕەوای بەشێوەیەك لە هەندێ کاتدا خەلیفەکان تەنها بە ناو دەسەڵاتیان مابوو، هاوکات هەر بەڕەمزی ئایینزای سوننی دادەنران لە جیهانی ئیسلامی تەنانەت لەدوای هاتنی بوەیهییەکان(2) بۆ عێراق وەك هێزێکی شیعەی زەیدی کە تەواوی دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی خۆیان کۆکردبۆوە و تا ڕادەیەکی باش بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕاشکاوانە هاوسۆزی پاڵپشتی ڕەوتی شیعەی ئیمامیان دەکرد بەتایبەتی لە زاناکانیان و پارێزگاریان لێدەکردن کە چەندین خوێندنگای ئاینیان هەبوو لە شارەکانی بەغدا و نەجەف کە لەو ڕێگەیەوە پەرەیان بە بیروباوەر و مەزهەبەکەیان دەدا (عبدولڵا، 2014: 62–70)، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینیە لەو سەردەمەش هەوڵێکی ڕۆشنیان نەبوو لە کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەیان یاخود هەوڵبدەن بە کردنەوەی قوتابخانە هاوشێوەی ناوچەکانی تری عێراق ئەمەش هۆکارێکی کاریگەربوو بۆ ئاشنا نەبوونی کورد بە شیعە.

دەبینین لەگەڵ فەرمانڕەوایی بوەیهییەکان لە مەرکەزی خەلافەتدا لە ناوچە کوردنشینەکان چەند میرنشینێك دەرکەوتن، بێگومان کۆمەڵێك فاکتەر کاریگەری هەبووە بە سەریانەوە کە ڕێگە بە سەرهەڵدانی دەسەڵاتی کوردی بدەن لەوانە بویهییەکان خۆیان لە ناوچەیەکی ترەوە هاتبوون دەستیان بەسەر بەغدا گرتبوو واتە هێزێکی دەرەکی بوون لەلایەکی ترەوە لە ڕووی نەتەوەیی و ڕێبازی ئاینی کە هەڵگری بیروباوەری شیعەگەرین لە عەباسییەکان جیاواز بوون دانیان بە خیلافەت نەدەدنا تەنها بە پاڵنەرێکی سیاسی نەبێت (صدیقی، 2007: 68).(عبدوڵڵا، 2012/ 107)، بۆیە دژایەتی لەگەڵ ئەو هەموو هێز و دەسەڵاتە ناوچەیی و هەرێمایەتیانەدا شتێکی ئاسان نەبوو بۆمانەوە و درێژە پێدان بە دەسەڵاتیان پێویستیان بە پاڵپشتی و هاوپەیمانی هەبوو تاوەکو درێژە بە فەرمانڕەواییان بدەن، لەبەرئەوە پەیوەندی نێوان بوەیهییەکان وەك هێزێکی کاریگەر لەناوچەکە لەگەڵ کورد لەسەر بنەمای مەزهەبی و بیروباوەری ئاینی نەبوو، بەڵکو لەسەر بنەمای سیاسی و بەرژەوەندی هاوبەش بووە، دەبێت ئەوەش بزانین کە بویهییەکان هەڵگری ئایدیایەکی مەزهەبی توند و پەرگیر نەبووینە تا لەو ڕوانگەیەوە ئاراستەی سیاسی خۆیان پەخش بکەن ئەوەندەی هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتیان دەدا ئەوەندە لە خەمی بڵاوکردنەوەی شیعە نەبوون، ئەمەش کاریگەری لەسەر مانەوەی کۆمەڵگەی کوردی هەبووە لە چوارچێوەی سوننیگەری.

بێگومان کوردستان وەك هەرێمێکی کەنار کەوتوو، وابەستە بە بەغداوە ئەمە وایکردووە کە گۆرانکاریەکانی ناوەند و ڕەنگدانەوەی هەبێ لەسەر ناوچە کوردنشینەکان، بۆیە هاتنی سەلجوقییەکان لە سالی (447ك/1055ز)بۆ بەغدا وەك هێزێکی سوننی (النیشابوری،1332ش: 18–19)(الراوندی،2005: 168–169) کاریگەری تەواوی لەسەر ناوچەکانی سەر بە خیلافەت هەبوو، لە بواری بەرەوپێشچوونی ڕەوتی سوننی بە تایبەتی دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی سوڵتان (ابن ارسلان) بۆ سەر تەختی دەسەڵاتی سەلجوقی

لەساڵی (455ك/630ز)(ابن النقام الحسینی،2011: 70) دا کاتێك ئەم سوڵتانە کەسایەتیەکی بە توانای وەك (نقام الملك) دەکات بە وەزیری خۆی کە پیاوێکی سوننی بوو لەسەر ڕێبازی شافعی کە چەندین قوتابخانەی ئاینی بە ناوی (نقامیە) دروستکرد لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهانی ئیسلامی،( السبکی،د.ت: 4/ 312) کە تێدا مەبەستی برەودان بە تەوژمی سوننی سنووردارکردن و کەم کردنەوەی پێگەی شیعە بوو وەك لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێکراوە کە ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی ئەم خوێندگایە بەرەو هەرێم و ناوچە جیاجیاکان ڕۆیشتن بۆ وانە گۆتنەوە و بڵاوکردنەوەی فیکری سوننی، یاخود بە مەبەستی وەرگرتنی پلە و پایەی کارگێری و لەبواری بەرێوبردن لە هەرێمەکانی سەر بە خیلافەت بۆ نموونە (إبراهیم کوڕی علی) ناسراوە بە (ابن اسحاق الشیرازی) کە یەکێك بوو لە مامۆستاکانی قوتابخانەی (نقامیە) لەم بارەیەوە دەڵێت: ( کاتێك دەرچووم بۆ گەیاندنی نامەی خەلیفە بۆ خراسان کە چوومە هەر شارو گوندێك هەموو دادوەرو زانای ئاینی و وتاربێژەکان قوتابی خۆم بوون ). (ابن العماد،1989: 324/5)

ئەم دەقە بەم ڕاستیە ئاشنامان دەکات کە قوتابخانەی (نقامیە) ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پێگەیاندنی چەندین کەسایەتی و دواتر بڵاوبوونەوەیان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلامی و کارکردنیان لە پێناو گەیاندنی فیکری سوننی ئەمە بۆ ناوچە کوردنشینەکانیش هەر ڕاستە بە بەڵگەی ئەوەی کەناوی چەندین زانا و دادوەر و مامۆستا وفقیە هاتووە لە سەرچاوەکان کە لە قوتابخانەی (نقامیە) خوێندویانە و پێگەیشتونە پاشان گەڕاونەتەوە کوردستان لە شار و هەرێمە کوردییەکان کاریان کردووە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕێبازی سوننی بە تایبەتی مەزهەبی شافعی و پێگەیاندنی خەڵك لەسەر ئەو بیروباوەڕە ئەو کارەش تایبەت نەبووە بە زانایانی یەك هەرێم لەو هەرێمانەی کە کوردی تیادا نیشتەجێبوو، بەڵکو کاری بڵاوکرنەوەی ئەو ڕێبازە سوننیە لەلایەن زانا کوردەکان لە زۆربەی هەرێمە کوردییەکان جێبەجێ دەکرا.(ئەمین،2017 :76)

لە ڕاستیدا تەوژمی شیعی نەك تەنها لە کوردستان، بەڵکو لە وڵاتی ئێرانیش وەك ناوچەیەکی هاوسنوور ئەم بیروباوەرە بە شێوەیەکی بەربڵاو بوونی نەبوو لەسەدەکانی ناوەراستدا تەنها لە ناوچەکانی قوم و ئەصفەهان نەبێت، بەڵکو زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی سوننە مەزهەب بوون، بەڵام شا ئیسماعیلی صەفەوی کە دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوی بوو بیروباوەڕی شیعەی دوانزدە ئیمامی وەك ئاینی فەرمی ئێران ڕاگەیاند بۆ ئەم مەبەستە ئیسماعیل پەلەی کرد لە هێنانی فقهەکانی شیعەی دوانزدە ئیمامی لە عێراق و بحرین و سوریا بەمەبستی بڵاوکردنەوەی شیعە لە ئێران، ( لابیدس، 2011: 420/1)، بۆیە دەبینین دەسەڵاتی سیاسی زۆر کاریگەری هەبووە لەسەر برەودان بە هەر بیروباوەرە و مەزهەبێك کە خۆی باوەڕی پێبووبێ و کاری بۆ کردبێ، بۆیە پەیوەست بوونی کورد بە ناوەندی بریاری سوننی لە بەغدا هۆکارێك بووە بۆ ئاشنا بوونی بە بیروباوەری سوننیگەری و دوورکەوتنەوە لە شیعە .

### 3- ڕۆڵی دەسەڵاتی کوردی لە برەودان بە ڕەوتی سوننی

بە درێژایی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئومەوی تا دەگاتە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی و دەیەمی زاینی لە سەردەمی عەباسییەکان، کورد خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی تایبەت بەخۆی نەبووە، بەڵکو ئەوەی هەشبووە لە جوڵانەوەیەکی سنووردار و کاتی، یاخود هاوبەشیکردن لەگەڵ بزوتنەوەیەکی نەیاری دەوڵەت تێنەدەپەڕی، بەڵام دوای لاوازی خیلافەی عەباسی و هاتنی بویهییەکان لە ساڵی(334ك/945ز) بۆ بەغدا و دەست بەسەرداگرتنی دام و دەزگاکانی دەوڵەت ناوچە کوردنشینەکانیش لەو گۆرانکاری و ئاڵوگۆڕیانە سوودمەندبوون و چەند میرنشینێکی کوردی سەریانهەڵدا کە کاریگەریان لەسەر هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیان هەبوو، لەو هەرێمانەی کە فەرمانڕواییان دەکرد، هاوکات کاریگەریان لەسەر برەودان بەبیروباوەری ئاینی و مەزهەبی هەبوو، بەلایەنی کەم ڕێگە خۆشکەر بووینە بۆ پەرەسەندنی ڕەوتی سوننی.

لێرەدا بەکورتی چەند نموونەیەك ئاماژە پێدەکەین لەو میرنشینانەی کە لە کوردستان و چەند هەرێمێکی جیاواز دەسەڵاتداربووینە .

#### 1- میرنشینی حسنەوەیهی

میرنشینی حسنەوەیهی( ) لەلایەن (حسنویە کوڕی الحسین)کوردی لە دەوروبەری ساڵی (348ك/959ز)، یاخود لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی و دەیەمی زاینی لە هەرێمی چیا دامەزرا کە دەسەڵاتەکەی سنوورێکی فراوانی لە خۆگرتبوو پێکهاتبوو لە شارەکانی (دەینەوەر، هەمەدان، کرمەشان، نەهاوەند، اسداباد، صامغان) و چەند ناوچەیەکی تر. (ابن الأپیر،2006: 7 / 371) (عبدالله،2012: 49)

ئەم میرنشینە گرینگی زۆریانداوە بەبواری ئاینی لە نێویشیاندا بەدروستکردنی مزگەوت کە سەرەڕای ئەنجامدانی ئەرکە ئاینیەکان تیایاندا ، شوێنی زانا و فەقێ و قورئان خوێن و هەروەك جێگایەکیش بوو بۆ خوێندن و وەرگرتنی زانست . ئەمەش بووە هۆی پێشکەوتنی ڕۆشەنبیرو فیکری لە ناوچەکە ( بدر کوڕی حسنویە) یەکێك بوو لە ناودارترین میرەکان کە ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایی کردوە، گرینگی زۆری بە زانست و فقیهەکان و دەزگا ئاینیەکان داوە سەرچاوەکان دەگێرنەوە کە بە هەزاران مزگەوتی دروستکردوە.(ابن الجوزی،1992: 105/15)

بێگومان ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەرەوپێش چوونی ئایدیای ئاینی و مەزهەبی هەبوو و ڕێگە خۆشکەربووە بۆ زانا و فقهە ئاینیەکان تا لەو ناوەندەوە بیروباوەڕی خۆیان زیاتر گەشە پێبدەن کار لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕەوتی سوننی بکەن، تەنانەت هەندێکیان

لە ميرو فەرمانڕەواكان زۆر نزيك بووينە، بۆ نموونە (ابو القاســـم يوســـف كوڕى أحمد كچ الدينورى م: 405ك/1014ز)، كە يەكێك لە زانا ســـوننيەكان و زۆر نزيك بووە لە مير(بدر) تەنانەت لە بوارى دادوەريشـدا پلەو پايەى پێسـپێردراوە و لە دادگاى دەينەوەر بەڕێوە بەربووە(ابن الجوزى،1992: 110/15)(ابن الأثير،2006: 599/7) بە پێچـــەوانەوە هيچ فقيهێكى شـــيعى بەديناكەين لە سەرچاوەكان لە ناوچەكانى ژێر دەسەڵاتى ميرنشينى حسنەوەيهى كە پلە و پايەو پۆســـتى هەبێ و كارى بڵاوكردنەوەى مەزهەبەكەى كردبێ .

## 2- ميرنشينى مەڕوانى

ميرنشينى مەڕوانى لەلايەن (بادى كوڕى دوستك) لە ساڵى (372ك/962ز) لە هەرێمى جەزيرە دامەزرا كە ناوچەيەكى فراوانى لە خۆگرتبوو( )ئەم ميرنشينە يەكێكە لەو دەسەڵاتداريەتيە كوردانەى كە ڕێبازى سوننى لە ژێر سايەى تەشەنەكردنێكى باشى بەخۆيەوە بينيوە، ئەگەرچى مەزهەبى سوننى ڕەگ و ريشەيەكى قوڵى هەبووە لەو ناوچەيە تەنانەت كۆتا خەليفەى ئومەوى بنكەى دەسەڵاتەكەى بۆ ئەم شوێنە گواستبۆوە و ڕێژەيەكى زۆرى دانيشتوانەكەى بەلانگرى ئەو بنەماڵەيە ناسرابوون (الگبرى، د.ت:4 /307)(المسعودى، د.ت: 47/3) كە ڕەمزى دەسەڵاتى سوننى بوون لە جيهانى ئيسلامى.

بەهەمان شێوە مەڕوانييەكان وەك هێزێكى كوردى ڕێگە خۆشكەر بوون بۆ دروستكردن و پەرەپێدانى ژينگەيەكى كۆمەڵايەتى كە تێدا تاكەكانى بە ديدێكى سوننيەوە گۆشكرابوون بە بەڵگەى بوونى دەيان كەس لە زاناو فقيهى سوننى، كە لە ناوچەكانى ژێردەسەڵاتى مەڕوانيدا سەرقاڵى وانە گوتنەوە و كارى مامۆستايى بوون، كە چەندين كەسايەتيان پێگەياندوە لەسەر بيروباوەڕى مەزهەبى سوننى كە هەندێ لەو وانە بێژانە لە قوتابخانەى نڤاميە لە بەغدا خوێندبوويان و روويان لە شارەكانى هەرێمى جەزيرە كرد بەمەبەستى بڵاوكردنەوەى ڕێبازى سوننى بەگشتى و فقهى شافعى بەتايبەتى لە ناوچەكەدا (يوسف،2001: 2/ 253–259) بەرئەنجامى ئەو هەول و كۆششەى كە زانا و فقيهە ئاينييەكان داويان لە كۆمەڵگەى كوردى بە پشتوانى دەسەڵاتى سياسى كاريگەرى زۆرى لەسەر ئاراستەكردنى كۆمەڵگا هەبووە، بەبيروباوەڕێكى سوننى تەنانەت دواى مەڕوانيەكانيش دانيشتوانى هەرێمى جەزيرە بەكردار پابەندبوونى خۆيان لە سەر ئەم مەزهەبە ڕاگەياندوە و بە توندى بەرهەڵستى دەركەوتنى شيعەيان لە ناوچەكە كردوە وەك مێژوونوسان ئاماژەى پێدەكەن لە ساڵى (518ك/1125ز) خەلكى شارى ئامەد ژمارەيەكى يەكجار زۆر ئەو كەسانەيان كوشتووە كە لەسەر بيروباوەرى شيعەى ئيسماعيلى بوون(ابن الٲپير،2006: 697/8)كەواتە هەوڵ هەبووە بۆ بڵاوكردنەوەى شيعەى ئيسماعيلى لەو ناوچەيە، بەڵام شكستيان هێناوە لە بەشيعەكردنى كۆمەڵگەى كوردى ئەمەش بەكاريگەرى ئەوژينگە كۆمەڵايتيەبوو كە بە ئايديايەكى سوننى پەروەردە كرابوون، تەنانەت ئەمە واى لە كوردەكانى ناوچەكە كردبوو كە سەر زەنشتى كەسانى شيعەى ئيمامى بكەن ئەگەر لەناوچەكە هەبووايە، بۆنموونە حمد كوڕى محمد الجزرى(م651ك/1253ز) كە ئەديبێكى ديارى ناوچەكەبوو كەسێكى باوەرداربوو، بەڵام لەبەرئەوەى لايەنگرى شيعەبوو لەلايەن خەڵكى ناوچەكە سەرزەنشتكراوە و بە كافر و بێبڕوا لە قەلەم دراوە (الصفدى، 2000: 99/13).

## 3- ميرنشينى هەزبانى

ميرنشينى هەزبانى( ) لە هەولێرو دەوروبەرى فەرمانڕەوايى دەكرد و سەر بە هۆزى هەزبانى بوون، سەبارەت بەكاتى دامەزراندن و ميرى دامەزرێنەر و ماوەى فەرمانڕەواى ميرەكان سەرچاوەكان زانيارى زۆر كەميان باسكردوە. لە هەندێ كاتدا لە ناوهێنانێك ياخود تەنها ئاماژەيەكى كورت تێناپەڕێ، سەرەڕاى ئەوەى لە ڕووداوەكانى ساڵى (293ك/ 905ز) ناوى (محمد كوڕى بلال)ى هەزبانى وەك ئەميرێك ناوى هاتووە (ابن الٲپير،2006: 54/8)، بەڵام دەستپێكى ميرنشينەكە بۆ سەردەمانى دواتر دەگەڕێتەوە و لە نيوەى دووەمى سەدەى چوارەمى كۆچى و دەيەمى زاينى ئەم ميرنشينە سەريهەڵداوە.(توفيق، 2010: 148)

سەرەڕاى ئەوەى زانيارى تێروتەسەل لەسەر مێژووى هەزبانييەكانى هەولێر لەبەردەست دانييە، ئەوەندەى باس لە ململانێى ناوخۆيى كراوە ئەوەندە باس لە لايەنى ئاينى و فكرى و ڕۆشەمبيرى نەكراوە لەسەرچاوەكان، هاوكات بوونى خوێندنگاى ئاينى و زانا و فقيهى سوننى لەو سەردەمە لە هەولێر بەڵگەى پشتيوانى دەسەڵاتى سياسيە لەو تەوژمە مەزهەبيە و ڕەنگدانەوەى كۆمەڵگايە لەسەر ئەو ئاراستەيە بۆ نموونە وتاربێژە ئاينيەكانى هەولێر لەسەر مەزهەبى سوننە بوون يەكێك لە وانە (ابوبكر محمد كوڕى ابراهيم كورى الحسن)ى شافعى بوو (ابن المستوفى، 1980: 70/1) لە كاتێكدا وتاربێژ كاريگەريەكى يەكجار زۆرى لەسەر ئاراستەكردنى خەڵك هەبوو، ئەمەش بە هاوكارى و ڕێگەپێدانى دەسەڵاتى سياسى هەولێر بووە، هەروەها يەكێك لە پلە وپايە گرينگەكانى دەوڵەت دادوەرى بوو بۆ ئەم مەبەستە فقيهێكى شافعيان دانابوو وەك دادوەر لە هەولێر(محمود، 2002: 164) بێگومان ئەمانە كارلێكيان لەگەڵ هاوڵاتيان هەبووە لەبەسوننى كردنى كۆمەڵگە ڕۆڵيان نواندوە لەم ڕوانگەيەوە بە نامۆ سەيركردنى شيعە سەرچاوەى گرتووە، بۆنموونە (حسن كوڕى محمد الٳربلى م: 660ك:1261ز) كە ناسراوە بە (العزالچرير) كەسێكى فەيلەسوف و زۆر بەناوبانگ و شارەزا بوو لە ئەدەبى عەرەبى و شعردا وانە بێژێكى شيعە بوو و ئيمامى (على كوڕى ابو گالب)ى لە سەروى هەرسێ

خەلیفەکەی تر دادەنا (الصفدي،1911: 142)، بەڵام دەبینین هەندێ لە مێژوونوسان بە شێوەیەکی ناشیرین و بێبڕوا وێنایان بۆ کردووە وەك (الصفدي)دەڵێ " تاوانبار بوو لەبەرئەوەی نوێژی نەدەکرد " (الصفدي،1911: 142) بە دووری نازانین ئەم تاوانبار کردنەی پەیوەندی بەشیعە بوونیەوە هەبێ کە ئەم بیروباوەڕە تاڕادەیەکی زۆر لە ناوچە کوردییەکان نامۆ بووە، تەنانەت ئەگەر هەر یەکێك لێیەوەی نزیك بووبێ پێوەری هاومەزهەبیان بەسەردا سەپاندوە، بۆیە (ابن ابی الهجاو م:700ك/ 1301ز)ی هەزبانی کە مێژوونوسێکی هەولێر و یەکێك لە هاوڕێکانی بوو بە شیعە ناوزەندیان کردوە (الاربیلی، 1993: 9) لە کاتێکدا ئەم پەیوەندیە ڕەنگە پەیوەندی بە لایەنی زانستیەکەیەوە هەبێ نەك بە لایەنی هزری جگە لەوە ئەم مێژوونوسە لە نوسینەکانیدا هیچ لایەنگریەکی بۆ شیعە نەبووە، تەنها ئەوەنەبێ کە ناوی خەلیفەی فاگمی بە ئیمام هێناوە. (الاربیلی، 1993: 47) کە ئەمەش بەڵگە نیە لەسەر شیعە بوونی .

بە هەمان شێوە دوای هەزبانیەکانیش کە دەسەڵاتی ئەتابەگییان لە هەولێر دامەزرا ڕۆڵێکی زۆریان بە ناودارو زانا سوننییەکاندا و لایەنگیری سەرسەختی ئەم مەزهەبە بووینە( ) ئەو سیاسەتەی دەسەڵاتدارانی هەولێر بە تێپەڕ بوونی کات کاریگەری زۆری لەسەر هاونیشتمانیان هەبووە و بە دیدێکی سوننی پەروەردە کرانە و لەو گۆشەنیگایەوە سەیری ئاینیان کردوە ئەمەش وایکردوە کە لە ئەنجامی پەیوەست بوونیان بەم بیروباوەڕە دیاردەی ڕەتکردنەوەی خیلافەتی (علی) و مەزهەبی شیعە بەڕوونی دیارە لەلایەن دانیشتوانی هەولێر وەك لە دێرە شعرێکی(علی کوڕی سرخس) دەردەکەوێ کە بەم شێوەیە وەسفی خەڵکەکەی دەکات .

قوم إذا ذكروا عليا كفروا عن ذلك الذنب العقيم المهول

لايعرفون سوى يزيد خليفه ويكذبون بما أتى فى المقتل. (ابن المستوفی،2013: 5/ 288)

**4- بوونی خەواریج ( ) لە ناوچە کوردییەکان**

لە ڕاستیدا گروپی خەواریج هەر لە سەرەتای دروست بوونیانەوە کوردستانیان کردبووە گۆڕەپانی چالاکیەکانی خۆیان و بنکە و بارەگاکانیان لە ناوچەکوردنشینەکان دانابوو کە کۆمەڵێك هۆکار پاڵنەربوو بۆ ئەوەی ئەم گروپە ڕوو لە خاکی کورد بکەن و بیکەنە مەیدانی چالاکیەکانیان، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بەهەندێ هۆکار دەکەین، وەك سروشتی جوگرافیای ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمە کوردییەکان سوودی لێوەرگیراوە لەلایەن بزاڤی خەواریج. هاوکات سروشتی خێلایەتی کۆمەڵگای کوردی وتێکەڵاویان لەگەڵ هەندی هۆزی عەرەبی هەبوو کە لەهەرێمی جەزیرە نیشتەجی بوون وەك هۆزی (بنو شەیبان) کە زۆربەی زۆری سەرکردەکانی خەواریج لە هۆزە عەرەبیەکان بوون، هەروەها بیروباوەری ئیسلام لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە تەواوی نەچەسپابوو هەژموونی بیری ئاینی زەردەشتی و مسیحی تا ڕادەیەك بوونی مابوو ئەمەش ڕێگە خۆشکەربووە بۆ خەواریج تا بە ئاسانی جێ پێگەی خۆیان لە ناوچەکە بکەنەوە لەکەڵ ئەوەش لایەنی ئابوری کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی کە هەندێ لە کوردەکان شوێن ئەم گروپە بکەون دەستکەوتی مادی بەدەست بهێنن،(عزت، 1991:119-121)( محی الدين، 2007: 202-218) لە لایەکی تر ڕزگاریانبێت لە و باج و سەرانەی کە لە سەریان سەپابوو لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە.

تەنانەت یەکێك لە بیرڕاکانیان ئەوە بوو دەیانگوت مەرج نیە خەلیفە لە قورەیش بێت، بەڵکو پێویستە کەسێك لە باشترینی موسڵمانان هەڵبژێردرێ ئەگەر بەندەیەکی حەبەشیش بێت (الشهرستانی، 2007: 1/ 108) هەموو ئەو هۆکارانە پاڵنەربوون بۆ ئەوەی گروپی خەواریج ناوچە کوردییەکان بکەنە مەیدانی چالاکیەکانی خۆیان، بۆیە دەبینین دوای دروست بوون و جیابوونەوەیان لە (علی کوری أبی گالب) بەشێکیان ڕوودەکەنە ناوچەی شارەزوور و لە وێوە خۆیان ئامادەکرد بۆ بەرەنگاری بوونەوەی دەسەڵاتی ناوەند، بەڵام سەرکەوتونەبوون (الیعقوبی، 2010: 124/2)(الگبری،د.ت:3/188-189) لێرەوە چەندەها بزاڤ تری خەواریج دروست دەبێت و هەرێمەکوردییەکان مۆڵگەیەکی سەرەکی دەبێت بۆ چالاکی نواندن بەرامبەر دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئومەوی و عەباسی( ) هەر ئەمەش وایکردوە کە مێژوونوسێکی وەك (المسعودی) دەڵێت: " کوردەکان بیروبۆچونیان لەگەڵ خەواریج بوو " (المسعودی، د.ت: 2/ 20)، بەڵام بەبڕوای ئێمە پشتوانیەی کورد بۆ ئەم بزافە ئەوەندە پەیوەندی بە ئەوە هەبوو کە دژی دەوڵەتی مەرکەزی بوو لە بەغدا ئەوەندە پەیوەندی بە لایەنی هزریەوە نەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەم بیروباوەڕە خۆگرنابێت و دەپوکێتەوە لە کاتێکدا ئەگەر خەڵکانێکی زۆر لە ڕووی فکریەوە هەڵگری ئەم شێوە بیرکردنەوانە بوونایە، بێگومان دەیتوانی درێژە بەخۆی بدات هاوشێوەی ڕەوتی سوننە.

لەڕاستیدا نابێت ئەوەش فەرامۆش بکەین کە خەواریج وەك گروپێکی ئاینی و سیاسی بەر لە شیعە دروست بووینە ئەوەش تاڕادەیەك ڕێگربووە لە بەردەم تەوژمی شیعی لە کۆمەڵگەی کوردی ئەم بۆشاییە ئاینیەی کە لە ناو کورد هەبوو بە ئیسلامی سوننی و ئیسلامی خەواریج پڕکراوەتەوە کە لە بنچینەدا هەردووکیان نەیاری سەرسەختی شیعەین، سەرەڕای ئەوەی کە ئیسلامی خەواریجی لە ناوچەکوردنشینەکان تەمەنی درێژ نەبوو بەرەو پوکانەوە و لە ناوچوون چوو، بە تایبەتی دوای لە ناوبردنی بزوتنەوەی (مساوری کوڕی عبدالحمید)ی شاری لە ساڵی(283ك/896ز) کە کورد ڕۆڵی گەورەی تێدا بینی و بۆ ماوەی سی ساڵ بەردەوامی

هەبوو،(الگبری،د.ت:5/675– 676)(توفیق، 2010: 93–96)، بەڵام شیعە نەی توانی ببێتە شوێنگرەوەی لەبەر ئەم هۆكارانەی كە لە پێشوتر باسمان كرد، بۆیە هەژموونی سوننی لە كۆمەڵگەی كوردیدا بیروباوەڕی باو دەبێت لە ڕەوتی قۆناغە جیاجیاكانی مێژوودا بە ئێستاشەوە.

## 3. ئەنجام

دوای ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەوەی كە چەند هۆكارێك كاریگەری هەبووە لەسەر بڵاونەبوونەوەی مەزهەبی شیعە لە كۆمەڵگەی كوردی

1– ئاوێتە بوونی كورد بە ئایدیای سوننی لە چوارچێوەی پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی و بە تێپەڕ بوونی كات ئەو گۆڕانكاریە ئاینی و كۆمەڵایەتیەی كە بەسەر كورد هات لە زەردەشتیەوە بۆ ئیسلامی سوننی بە كارلێكی دەسەڵاتی سیاسی بوو.

2– یەكێك لەو هۆكارە كاریگەرانەی وایكردوە مەزهەبی شیعە لە نێو كورد بڵاونەبێتەوە ئەوەیە كە شیعە نەگەیشتۆتە دەسەڵات لە دەوڵەتی ئیسلامی لە بەغدا لە كاتێكدا هەرێمە كوردییەكانیش پەیوەست بوون بەناوەندەوە، ئەمەش شوێنەوارێكی گەورەی هەبوو لەوەی خەڵك پاڵپشتیان نەكەن، لەبەرئەوەی پەیوەست بوون بەو دەسەڵاتەی كە فەرمانڕەوایی دەكردن لە دەوڵەتی ئیسلامی لە بەغدا كە زۆربەی كات سوننە بوون تەنها لە ماوەی حوكمی بوەیهیەكان نەبێت ئەوانیش كاریان بۆ دەستكەوتی سیاسی كردوە نەك بۆ فراوانكردنی تەوژمی شیعی.

3– هاوكات ئەو دەقانەی كە لە پەرتوكە فقهیەكانی شیعە سەبارەت بە كورد بۆ ئێمە ماوەتەوە ئەوەمان پێدەڵێن كە ڕوانینێكی نا مرۆڤانەیانەیە بەرامبەر بەو نەتەوەی هەبووە كە هیچی كەمتر نەبووە لە نەتەوەكانی تر، لە كاتێكدا بەكارهێنانەوەی ئەو دەقانە لە هەموو كاتدا ئەگەرێكی چاوەڕوانكراوە بە تایبەتی لە ئاستی سیاسی و كۆمەڵایەتیەكەدا ئەمە هەم بەربەست بووە لەبەردەم بەشیعی كردنی كورد هەم ڕەوایەتیدانە بە نامۆكردن و پەراوێز خستنی.

4– لە ماوەی فەرمانڕەوایی میرنشینەكان لە ناوچەكوردییەكان بە هۆی پەیوەست بوونیان بە ناوەندەوە خۆی لە دەسەڵاتی سوننی دەبینێتەوە لە ڕووی سیاسی و ئاینیەوە، ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر كۆمەڵگەی كوردی هەبوو كە شوناسێكی سوننی پێبەخشی .

-5بوونی خەواریج لە ناوچە كوردنشینەكان تارادەیەك ڕێگر بووە لە بەردەم تەوژمی شیعی بەو مانایەی ئەم دوو بیروباوەڕە هەر لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای دژایەتی كردنی یەكتر تێزی هزری خۆیان هەڵچنی بوو ئەمەش وایكرد بوو كە لە یەك جوگرافیا جیا گایان نەبێتەوە و بە یەكەوە هەڵنەكەن.

(كۆدی بابەت)

(بیروباوەڕی شیعە ، كۆمەڵگەی كوردی ، سەدەكانی ناوەڕاست ، زانایانی فقهی شیعی و دەسەڵاتی سوننی)

## 4. پەراوێز

1– بڕوانە: (الشيخ الطوسي ، د.ت: 373 ) . (ابن فهد الحلي، 1990: 182/3 ). (الحويزي، د.ت: 601/1). (الخوانساري، 1984: 137/3) .

2- بۆ زانیاری زیاتر لە سەر فتوحاتی ناوچە كوردیەكان بڕوانە: (الواقدي ، 2006: 77-208). (البلاذري، 1983: 260- 326).

## 5. سەرچاوەكان

### 1.5. سەرچاوەكانی ڤەكولین(المصادر):


ابن الأثير: عزالدين أبوالحسن علي بن أبي الكرم محمد الجزري. (ت630هـ/1233م) الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت : 2006

الأشعري، ابو الحسن علي بن إسماعيل. (ت 330هـ/ 941م) مقالات الأسلاميين أختلاف المصلين ، المكتبة العصرية ، بيروت: 2008 .

الأربيلي ، ابن محمد الهذباني. (ت 700هـ/1301م)، تاريخ ابن أبي الهيجاء، تحقيق و دراسة: صبحي عبد المنعم محمد، د.م: 1993 .

البلاذري، أحمد بن يحي بن جابر. (ت 279هـ/892م) فتوح البلدان، دار و مكتبة الهلال، بيروت: 1983.

البلخي، أبو زيد أحمد بن سهل. (ت 322هـ/933م) ، البدء و التاريخ، قرأة وقدم لة: سمير شمس، دار صادر، بيروت:2010.

ابن الجوزي، جمال الدين أبو الفرج عبدالرحمن بن علي. (ت 597هـ/ 1202م)، المنتظم في تاريخ الملوك و الأمم، دراسة و تحقيق: محمد عبدالقادر عطا و مصطفي عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت: 1992.

الحويزي، الشيخ عبد علي بن جمعة العروسي. (ت 1112هـ/1700م) تفسير نور الثقلين، تصحيح: هاشم الرسولي، انتشارات اسماعيليان، (د.م: د.ت)

ابن خياط، أبو عمر خليفة بن خياط بن أبي هبيرة. (ت 240هـ/ 854م) ، تاريخ خليفة بن خياط ، تحقيق : أكرم ضياء العمري، دار طيبة، ط2، الرياض: 1985

الدينوري، أبو حنيفة أحمد داود. (ت 282هـ/ 895م)، الأخبار الطوال، قدم لة و وضع حواشية: عصام محمد الحاج علي، دار الكتب العلمية، بيروت:2001.

الراوندي، محمد بن علي بن سليمان.(ت بعد 599هـ/1202م)، راحة الصدور و آية السرور في تاريخ الدولة السلجوقية، نقلة إلي العربية، إبراهيم أمين الشورابي و عبدالنعيم محمد، فؤاد عبد المعطي، دار القلم ، القاهرة: 2005.

الزمخشري،أبوالقاسم محمود بن عمر.(ت 538هـ/1143م )، الكاشف عن حقائق التنزيل و عيون الأقاويل في وجوه التأويل، تحقيق ، عبدالرزاق المهدي ، دار أحياء التراث العربي، بيروت: 1997 .

السبكي ، تاج الدين أبي نصر عبدالوهاب بن علي بن عبدالكافي.(ت 771هـ/ 1369م)، طبقات الشافعية الكبري، تحقيق: عبدالفتاح محمد الحلو و محمود محمد الطناحي، دار أحياء العربية، ط4، القاهرة: د.ت .

الشهرستاني، أبو الفتح محمد بن عبدالكريم بن ابي بكر أحمد. (ت 548هـ/ 1153م) ، الملل و النحل ، صححة و علق علية ، احمد فهمي محمد ،ط7، دار الكتب العلمية ، ط7، بيروت: 2007.

الصفدي، صلاح الدين خليل أيبك. (ت 764هـ/ 1362م)، الوافي بالوفيات، تحقيق: أحمد الأرناؤوط و تركي مصطفي، دار إحياء التراث العربي، بيروت: 2000.

الصفدي،( ت 764هـ/ 1362م)، نكت الهميان في نكت العميان، مصر1911 .

الطبري ،أبي جعفر محمد بن جرير الطبري.(ت 310هـ/ 922م)، تاريخ الطبري، تحقيق: مصطفي السيد و طارق سالم، المكتبة التوفيقية، القاهرة: د.ت.

الشيخ الطوسي، أبي جعفر محمد بن الحسين. (ت 460هـ/ 1067م) تهذيب الأحكام، منشورات مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، بيروت: 2005

الشيخ الطوسي ،( ت 460هـ/ 1067م) ،النهاية، انتشارات قدس محمدي، قم: د.ت.

ابن العماد، شهاب الدين أبي الفلاح عبدالحي بن أحمد بن محمد.(1089هـ/1678م)، شذرات الذهب في أخبار من ذهب، حققة و علق علية، محمود الأرناؤوط، دارإبن كثير، بيروت: 1989.

ابن فهد الحلي، جمال الدين أبي العباس أحمد بن محمد.(841هـ/1437م) المهذب البارع في شرح المختصرالنافع،مؤسسة النشر الإسلامي، قم: 1990.

الفيروزأبادي، مجد الدين محمد بن يعقوب. (ت 817هـ/ 1414م)، القاموس المحيط، إعداد وتقديم: محمد عبدالرحمان المرعشلي، دار أحياء التراث العربي، ط2، بيروت: 2003.

ابن قتيبة الدينوري، أبو محمد عبداللة بن مسلم. (ت 276هـ/ 889م) المعارف، دار الكتب العلمية، ط3، بيروت: 2011.

القلقشندي، أبو العباس أحمد بن علي . (ت 821هـ/ 1418م)، صبح الأعشي في صناعة الأنشا، تحقيق: محمد حسين شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت: 1987.

ابن كثير، ابو الفدا إسماعيل بن عمر القرشي. (ت 774هـ/ 1372م) ، تفسير القران العظيم، دار الجبل، ط2، بيروت: 1990.

الكليني،أبي جعفر محمد بن يعقوب. (ت 328هـ/ 939م)، فروع الكافي، منشورات مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، بيروت: 2005

ابن المستوفي، شرف الدين ابي البركات المبارك بن أحمد الأربيلي.(ت 637هـ/1239م)، تاريخ اربيل، حققة و علق علية: بشار عواد معروف و صلاح محمد جزار ، دار الغرب الإسلامي، تونس: 2013.

المسعودي، أبو الحسن علي بن الحسن علي.(ت 346هـ/ 957م)، مروج الذهب و معادن الجوهر، تحقيق : عفيف نايف حاطوم ، دار صادر، بيروت: د.ت.

المسعودي، (ت 346هـ/ 957م) التنبية والأشراف، طبعة جديدة منقحة باشراف لجنة تحقيق التراث، منشورات دارومكتبة الهلال، بيروت: 1993.

مسكوية، أبو علي أحمد بن محمد بن يعقوب.(421هـ/ 1030م)، تجارب الأمم و تعاقب الهمم، تحقيق: سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية، بيروت: 2003.

ابن منظور،جمال الدين ابي الفضل. (ت 711هـ/ 1311م)، لسان العرب، اعتني بتصحيحها، أمين محمد عبدالوهاب و محمد الصادق العبيدي، دار أحياء التراث العربي، بيروت: د.ت.

ابن النظام الحسيني، محمد بن محمد عبداللة. (ت 743هـ/ 1342م)، إستعراض في تاريخ السلاجقة، ترجمة و تحقيق: حسين أمين، دار المدي، بيروت: 2011.

الواقدي، محمد بن عمر.(ت 207هـ/ 822م) ، تاريخ فتوح الجزيرة و الخابور و دياربكر و العراق، تحقيق: عبدالعزيز فياض حرفوش، دار البشائر، ط2، دمشق: 2006 .

اليعقوبي، أحمد بن أبي يعقوب بن جعفر بن وهب.(ت 292هـ/ 905ن)، تاريخ اليعقوبي، تحقيق: عبدالأمير مهنا، الأعلمي للمطبوعات، بيروت: 2010 .

### 2.5. سەرچاوەی فارسی:

النيشابورى، خواجه امام ظهيرالدين. (ت 582هـ/ 1186م) سلجوقنامه، چاپخانەی خاور،(تهران :1332ش)

### 3.5. سەرچاوە نوێیە عەرەبییەكان ( المراجع ):

إسماعيل، فرست مرعي، الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، دار سثيرێز، دهوك: 2005.

التكريتي، محمود ياسين، الأمارة المروانية في دياربكر والجزيرة، رسالة ماجستر، كلية الأداب – جامعة بغداد، بغداد: 1970 .

الخوانساري، آية الله العظمي حاج سيد احمد، جامع المدارك في شرح المختصر النافع، علق علية: علي أكبر الغفاري، ط2، انتشارات اسماعيليان، قم: 1984

صديقي، امير حسن، الخلافة و الملكية في ايران في العصر القسيط، ترجمة: احسان ذنون الثامري، تقديم، عبدالعزيز الدوري، منشورات الجمل، بغداد: 2007

عزت، فائزة محمد، الكرد في اقليم الجزيرة و شهرزور في صدر الاسلام، رسالة ماجستير، كلية الأداب – جامعة صلاح الدين، أربيل:1991 .

محمود، احمد عبدالعزيز، الأمارة الهزبانية الكردية في اذربيجان و اربيل و الجزيرة الفراتية، موكرياني للطباعة و النشر، اربيل:2002 .

م .لابيدس، أيرا، تاريخ المجتمعات الإسلامية، ترجمة: فاضل جتكر، ط2، دار الكتاب العربي، بيروت: 2011 .

محي الدين، عطا عبدالرحمن، حركات الخوارج في بلاد الكورد و ماجاورها، مطبعة شيفا، سليمانية: 2007 .

يوسف، عبدالرقيب، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطي، دار ئاراس للطباعة والنشر، ط2، اربيل: 2001.

### 4.5. سەرچاوە نوێیە كوردییەكان (ژێدەر):

ئەمین، ئاواز جەمال، رێبازی شافعی لە كوردستان لە هاتنی سەلجوقیەكانەوە تاكو كۆتایی خەلافەتی عەباسی، وەرگێرانی: رەمەزان حەمەدەمین،چاپخانەی چوارچرا، هەولێر: 2017.

توفیق، زرار صدیق، كورد و كوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر: 2010.

حوسێن، موحسین موحەممەد، ، هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگیاندا،وەرگێرانی، عوسمان عەلی قادر، بلاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، هەولێر: 2010.

عبدوللا، كامەران عەزیز، هۆكارەكانی سەرهەلدان و رووخانی میرنشینە كوردییەكان لە سەردەمی عەبباسیدا، بلاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، هەولێر: 2012.

عبدوللا، كامەران عەزیز، رەوشی شیعە لە عێراق و رۆژهەلاتی ئیسلامی لە سەرەتای سەدەی پێنجەمەوە تا ناوەراستی سەدەی شەشەمی كۆچی – یازدە تا ناوەراستی دوازدەی زایینی، تێزی دكتۆرا، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر: 2014.

نەقشبەندی، حسام الدین علی غالب، شارەزورو لورستانی باكور لە سەدەكانی ناوەراستدا، و/ رنج ئەبوبەكر محەمەد، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی: 2008.

## أسباب عدم إنتشار المذهب الشيعة في المجتمع الكوردي في العهود الوسطى

**الملخص:**

إن المذهب الشيعي كأحد المذاهب المعروفة في العالم الإسلامي في العهود الإسلامية لم يجد له مساحة في المجتمع الكردي، ولم يتمكن من الإنتشار بين الكورد نتيجة عوامل عديدة. لذا فان هدفنا في هذا البحث هو الوصول الي تلك الأسباب التي أصبحت حاجزا امام عدم إنتشار المذهب الشيعي في المجتمع الكوردي من خلال تتبع النصوص من المصادر وتحليلها علمياً. و إقتضي البحث تقسيمه إلي مبحثين. في المبحث الأول، عرفنا مصطلح الشيعة من حيث الناحية اللغوية والاصطلاحية. مع ذكر أهم المجموعات الشيعية إنتشاراً في العهود الإسلامية.

و في المبحث الثاني، بحثنا في أسباب عدم إنتشار المذهب الشيعة في المجتمع الكوردي، والتي تضمنت عددا من الأسباب، أولها وأهمها نظرة الفقهاء الشيعة للأكراد، حيث نظروا إلي هذه الأمة بطريقة غريبة أو غير إنسانية. بالإضافة إلي أنهم لم يولوا اهتماما كبيرا للمناطق الكوردية. وثانياً سيطرة القوي السنية علي المنطقة الكردية و تأثيرها علي الأفراد الكرد. وثالثاً دور الأمارات الكوردية في نشر المذهب السني. و رابعاً، وجود الخوارج في المنطقة الكوردية كان من تلك الأسباب، وخلاصة القول إن جميع الأسباب المذكورة كان لها تأثير كبير علي غالبية الكورد بعدم تقبل المذهب الشيعي آنذاك.

**الكلمات الدالة:** ألاسباب، المذهب الشيعي، المجتمع الكوردي، العهود الوسطى.

# Reasons of Non-Proliferation of the Shiism in Kurdish Society in the Medieval Centuries

**Abstract:**

The Shiite belief as one of the recognized beliefs of the Islamic world in the medieval centuries couldn't find a space in the Kurdish society, and couldn't persuade the Kurdish individuals to follow its message and way. So in this research we aimed to gain those reasons that became a barrier in developing non-proliferation of the Shiite belief in the Kurdish society, through extracting information from the references and analyzing them scientifically. Thus, apart from introduction, we preferred to divide this research into two chapters. In the first chapter, we defined the term of Shiite in terms of linguistic and idiomatic. It deserves mentioning that we mentioned the most important and the most spreaded shitti groups in medieval centuries.

In addition, in the second chapter, we considered the spread of the reasons for non-proliferation of the Shiism in Kurdish society, which included a number of reasons, the most important of them is the way the Shiites view the Kurds, which they regarded this nation in a strange way. Besides that, they didn't pay great attention to the Kurdish regions. Despite that the Sunni authority controlled the Kurdish region and had impact on the Kurdish individuals. third the role of the Kurdish states in developing the Sunni belief. Fourth the existence of khawarij in the Kurdish region was of the reasons. To sum up, all the above mentioned reasons had a substantial influence on the majority of the Kurdish people not to follow the Shiite belief in the middle ages.

**Keywords:** Reasons, Non-Proliferation of the Shiism, Kurdish Society, Medieval Centuries.